# بزوتنەوی گۆران‌و سڕینەوەی ئەوانیتر



شیروان شەمێرانی

نازانم، بەقورسی توانیم ئەو قسانەی کەبەر گوێم دەکەوت لەسەر شاشەی knn لەگەڵ ئەو کەسایەتییەی کە قسەکانی دەکرد بەیەکەوە ببەستمەوە، چونکە هەموی هاوشێوەی هەمان ڕیتم بوو کە لەڕابوردودا دەمانبیست، گۆرانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە. (نامەوێت لێرەدا بەکەسایەتیکردنی بابەتەکە بکەم) بەڵام غەریب بو بەلامەوە ئەو جۆرە میتۆدە لەکاك نەوشیروان مستەفا سەرنج بدەم کاتێك کە بەبۆنەی تێپەڕبونی یەکساڵ بەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا قسەی دەکرد، کورتەکەی ئەوەبو کە گشت شتە چاکەکانی لەکوردستاندا بۆ گۆران قۆرخ کردەوەو ئەوانی تریش هیچ، جێگای سەر سورمانە.
یەکەم : کاك نەوشیروان وتی (ئێمە بوین شێوازی خەباتمان گۆری لەشێوازی چەکداری لەکوردستاندا بۆ سیاسی، لەیەکلاکردنەوەی کێشەکاندا)، سفرکردنی کۆششی هەموو ئەوانیتر بەوشێوە زەقە تۆزیك قورسە، ناکرێت بەو شێوە ڕەهایە بڕیار بەسەر 20 ساڵ ڕەوشی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کوردستان بدرێت، بە ئینساف خوێندنەوەی ئەو دونیا روداوەی بە سەر کۆمەڵگای کوردیدا هات زیاتر لەگەڵ مەدەنیەتدا دەگونجێت. من ناڵێم کە گۆران مەکتەبێکی ئاشکرای عەسکەری هەیە، بەڵام گەورەو بچوك، خوێندەوارو نەخوێندەوار دەزانن کەلەمەیدانی سیاسەتدا یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان تاکە حیزبێکی سیاسی سەر ساحەی کوردی بو بە شێوازێکی سیاسییانە کاری دەکردو بە رووی هەموو ئەو ناڕەحەتی‌و تەنگپێهەڵچنین‌و فشارەی خرایە سەری نیو گوللەشی نەتەقاند، خۆ تەمەنی یەکگرتوو شانزە ئەوەندەی تەمەنی گۆران دەبێت، ئیتر چۆن گۆران دەبێتە یەکەم لایەن لەبەمەدەنی کردنی خەبات لەکوردستاندا؟
بەگەڕانەوە بۆ پێنج ساڵ لەمەوبەر نەك زیاتر مەبەستم ساڵی(2005)ە، لەدهۆك هێرشکرایە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو سوتێنراو یەکگرتوش بێجگە لەپەنابردنە بەر قەزاو یاسا هیچ هەڵوێستێکیتری نەگرت، لەکاتێکدا حیزب‌و لایەن نیە لەکوردستاندا شەڕی مانگانەو ساڵانەی لەگەڵ ئەوانیتردا نەکردبێت، کام گروپی سیاسی، کام کەسایەتی سیاسی دەتوانێت بڵێت ڕۆڵم لەشەڕەکانی ناوخۆی کوردستاندا نەبووە؟ هەر پێش شانزە ساڵ یەکگرتوو بڕیاری خەباتی مەدەنی‌و سیاسی دابوو نەك پیش یەك ساڵ. پاشان ئەو هەموو ڕێکخراوو کۆمەڵگای مەدەنی‌و ڕۆژنامەو گۆڤارو سەنتەری ڕۆشنبیری‌و نوسەرو شاعیرانە، هەموو ئەوانەی کە بائاشکرا داوای بەمەدەنی کردنی خەبات دەکەن لەکوردستاندا هەوڵەکانیان بەرەو کوێچوو؟ بڵێیت هیچکام لەوانە کاریگەرییان نەبوبێت؟ هەروەها ئەو میللەتە داماوەی کە لەڕابوردودا پربەدەنگی لەڕێگای

میدیاکانو لەسەر شەقامەکاندا هاواری وەلاخستنی چەکیان دەکرد لەمامەڵەکردندا بەو ئاسانییە نەخوێندنەوەیان هێندەیتر قورسە، رووداوەکان نابنە دیاردەی کۆمەڵایەتی بە یەکلایەنە بەڵکو هەمیشە چەند هۆکارێکی راستەوخۆ بەهاوکاری هۆکارە ناڕاستەوخۆکان ئاراستەی رووداوەکان دەگۆڕن.

دووەم : کاك نەوشیروان وتیشی:(ئێمە بوین بەئەندامبونی حیزبمان گۆڕی لەگەڕان بەدوای ئیمتیازاتدا بۆ خزمەتکردنو دەستپاکی ). من بڕیاری دەست پیسی کەس نادەم، حوکمدان بەسەر تاکەکاندا کاری ئێمە نیە، بەڵام ناکرێت هەموو ئەو حیزبیانەی کوردستان بۆ ئیمتیازات بێت یان دەستپاکیان تیادا نەبێت، هەروەها یەك سات گەڕان بەناو لیستەکانی دامەزراندن لەگشت فەرمانگەکانی کوردستاندا دەردەکەوێت چەند دۆسییەی ئەندامانی یەکگرتوو هێڵی سور بەژێر ناوەکانیاندا هاتووەو لەمافی سروشتی خۆیان بێبەشکران، ئەمەش لەنەوەدەکاندا، واتە دە ساڵ پێش ئەمڕۆ نەك تەنها چەند مانگێك، لەو ساتانەی کە بەڕێزیان دەزانن یەکگرتوو لەپەرەسەندنو فراوانبوندا بوو، رۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئەندامانی زیادیدەکرد بێئەوەی حیزب توانای دابینکردنی نیو وەزیفەو چارەکە ئیمتیازاتێکیش هەبێت بۆیانو لەزۆرینەی شوێنە حکومییەکانیشدا دەرگایان بەڕودا دادەخرا. ئەو بەلێزمە نانپڕینەی ئەندامانی یەکگرتوو کە لەوساڵانەدا ڕویدا بەدەست کێوە بو؟ سەرکردەو کاربەدەستانی ئەوکاتە کێبون؟ لێپرسراوە بچوکەکان بەتایبەتی چونکە گەورەکان ژمارەیان کەمە.

سێیەم : هەروەها (هەر شتێکی چاك هەبێت ئەوە هی ئێمەیە یان ئیمە دەستمان هەیە تیایدا) سفرکردنی ئەوانیتر بەم شێوەیەو نەخەرجاندنی ئینساف لەگەڵ دۆستو گروپە هاوکارەکاندا شێوازێکی ئیجابی نیە لەمامەڵەکردندا، ئەو هەستەی کە دەڵێت هەرچی شتی چاك هەیە هی منەو شتە خراپەکان من لێیان بێبەریم ئەوە درێژکردنەوەی ئەو شێوازی بڕیاردانو هەڵسەنگاندنە کۆنەیە کە هەمومان دەمانەوێت لەکوردستاندا بیگۆڕین، دروستبونی هەستی مەعسومێتیو هەڵەنەکردن لەتاکدا تەنها بۆ پێغەمبەرانە چ جای لەگروپێك کەهەمو جۆرە عەقڵو هەڵسوکەوتێك لەخۆ دەگرێت؟ هیچ کەس نیە هەموی خێروچاکە بێتو هیچ کەسیش نیە هەموی شەڕو خراپە بێت (تەنها مەلائیکەو شەیتان نەبێت).